# وەقایعی كوردستان

رۆژنامەی فەرمی حكومەتی هەرێمی كوردستانە - وەزارەتی داد دەری دەكات

ژمارە (١٣٠) چاپی یەكەم ساڵی یازدەم ١٧/تەمموز/٢٠١١ زاینیی ٢٦/پوشپەر/٢٧١١كوردی ١٦/شەعبان/١٤٣٢كۆچی

130

لەم ژمارەیەدا :

**بڕیاری ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١١ی پەرلەمانی كوردستان – عێراق** ل ١

متمانەدان بە (صباح احمد محمد ناسراو بە مامۆستا ارام) ببێ بە وەزیری كاروباری شەهیدان و ئەنفالكراوەكان .

**پەیڕەوی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١١ی سەرۆكایەتی ئەنجومەنی وەزیران** ل ٢

پەیرەوی بەڕێوەبردنی سەندووقی پشتیوانی پرۆژە بچوكەكانی لاوان .

**ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١١ی وەزارەتی كارو كاروباری كۆمەڵایەتی** ل ٦

سەندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووكەكانی لاوان.

**بەیانی ئەنجومەنی دادوەری** ل ٩

دەست پێ كردنی پشووی دادگاكان .

**بەیانی وەزارەتی تەندروستی :** ل ١٠-١٢

١. كردنەوەی (نەخۆشخانەی شەهید رووف بەگ) لەقەزای شارەزوور .

٢.

- جیاكردنەوەی بەشی (گرێبەست و كەمگرییەكان) لەبەڕێوەبەرایەتی كاروباری یاسایی .

- گۆرینی بۆ (بەڕێوەبەرایەتی گرێبەستە گشتیەكان) .

٣. كردنەوەی بەشی (گورچیلەو میزو میزەرۆ ، نەخۆشیە دەروونیەكان ، نەخۆشیەكانی سینگ ) لە نەخۆشخانەی هەڵەبجەی شەهید .

٤. كردنەوەی (بنكەی تەندروستی گوندی سەردار ئاوا) .

٥. گۆرینی (مەلبەندی تەندروستی بەمۆ) بۆ (بنكەی تەندروستی بەمۆ) .

٦. كردنەوەی (یەكەی تەندروستی) لەناو بینای بەڕێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی .

٧. گۆرینی ناوی (مەڵبەندی تەندروستی شەهید حەمەسعید سێتەلانی) بۆ (مەڵبەندی تەندروستی سەرەكی شەهید حەمەسعید سێتەلانی) .

ناونیشان: هەولێر-چوار ڕیانی فرنسۆ میتران باڵەخانەی وەزارەتی داد .

☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com

# وقائع كوردستان


الجريدة الرسمية لحكومة إقليم كوردستان- تصدر من قبل وزارة العدل

العدد (١٣٠) الطبعة الاولى السنة الحادي عشرة ١٧/تموز/٢٠١١ميلادي ٢٦/پوشپەر/٢٧١١كوردي ١٦/شعبان/١٤٣٢هجري


في هذا العدد:

130

فهرست المواضيع باللغة الكوردية فقط


قرار رقم (١٢) لسنة ٢٠١١ برلمان كوردستان – العراق . ص ١

نظام رقم (٢) لسنة ٢٠١١ رئاسة مجلس وزراء . ص ٢

تعليمات رقم (٢) لسنة ٢٠١١ وزارة العمل والشؤون الاجتماعية . ص ٦

بيان مجلس القضاء . ص ٩

بيان وزارة الصحة . ص١٠-١٢


KURDISTAN REGIONAL GOVERNMENT


No.:130 Date: July , 17 , 2011 Vol.: 11



العنوان : اربيل-تقاطع فرنسو ميتران - بناية وزارة العدل

☎ (٢٢٤٥٥١٤-٢٢٤٥٥٠٧-٢٦٤٨٩٨٩-٢٢٤٥٥٠٨)

http//:www.mojkurdistan.com

E-mail:rwk@mojkurdistan.com


السعر ٧٥٠ دينار


The Weekly Formal Newspaper of Kurdistan Region Government (KRG), Publishing by Ministry of Justice.

## بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

**هەرێمی کوردستان – عێراق**
**سەرۆکایەتی هەرێم**
**سەرۆك**

**بەناوی گەلەوە**

**بڕیار**

**ژمارە (١٨) ساڵی ٢٠١١**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی لەبڕگـەی (١)ی مـاددەی (١٠)ی (یاسـای سـەرۆکایەتی هـەرێمی کوردسـتان – عێـراق)ی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوەو ، بەپاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردوویەتی لەدانیشتنی ژمارە (٢٥) لە ٢٠١١/٦/١٤ بڕیارماندا بە دەرکردنی :

**بڕیاری پەرلەمانی کوردستان – عێراق**

**ژمارە (١٢)ی ساڵی ٢٠١١**

**یەکەم :** متمانەدان بە بەڕێز (صباح احمد محمد ناسراو بـە مامۆسـتا ارام) ببـێ بـە وەزیـری کاروبـاری شـەهیدان و ئەنفالکراوەکان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان .

**دووەم :** ئەم بڕیارە لەرۆژی سوێند خواردنی یاساییەوە رێکـەوتی ٢٠١١/٦/١٤وە جێبـەجێ دەکـرێ و لەرۆژنامــەی رەسمی (وەقایعی کوردستان)دا بڵاودەکرێتەوە .

**مسعود بارزانی**
**سەرۆکی هەرێمی کوردستان – عێراق**

**<u>هـــەولـــێر :</u>**

٢٨/حوزیران/٢٠١١ی زایینی .
٧/پووشـپەڕ/٢٧١١ی کوردی .
٢٦/رجـــب/١٤٣٢ی کۆچی .

**سەرۆکايەتی ئەنجومەنی وەزيران**
**ژمـــارە : ١٦١٩ لـــــە ٢٠١١/٦/٣٠**

## پـەيـڕەوی
## ژمـارە ( ٢ ) ســالّـی ٢٠١١

بەپشت بەستن بە بڕگەی سێیەم لە ماددەی هەشتەم لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە ٣ ساڵی ١٩٩٣ ، وە لە بەر ڕۆشنایی ماددەی دەیەم لە یاسای سەندووقی پشتیوانی پـرۆژە بـچوکەکانی لاوان لـە هـەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١١ ، وە لەبەر ڕۆشنایی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبونەوەی ئاسایی خۆی ژمارە (١٠) لە ٢٠١١/٦/٢٠ ، بڕیارماندا بە دەرکردنی ئەم پەیڕەوەی خوارەوە :

## پەيڕەوی
## بەڕێوەبردنی سەندووقی پشتيوانی پرۆژە بچوكەكانی لاوان
## لە هەرێمی كوردستان – عێراق

## بەشی یەکەم
## پێناسەو ئامانجەکان

**ماددەی یەکەم :**

مەبەست لەم زاراوە و دەسـتەواژانەی خـوارەوە ئـەو مانايانـەی بەرامبەريانـە بـۆ مەبەسـتەكانی جێبـەجێكردنی حوكمەكانی ئەم پەيڕەوە :

١. هــەرێـم : هەرێمی كوردستان - عێراق .
٢. وەزارەت : وەزارەتی كاروكاروباری كۆمـەلآيەتی هەرێم .
٣. وەزيـــر : وەزيری كار و كاروباری كۆمەلآيەتی هەرێم .
٤. ياسای ســەندووق : ياســای ســەندووقی پــشتيوانی پــرۆژە بــچوكەكانی لاوان لــە هــەرێمی كوردســتانی عێــراق ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١١.
٥. سەندووق : سەندووقی پشتيوانی پرۆژە بچوكەكانی لاوان لە هەرێم .
٦. ئەنجومەن : ئەنجومـەنی بەڕێوەبردنی سەندووق پێكهاتوو بە پێی ئەحكامی ماددەی سێیەم لە یاسای سەندووق .
٧. پرۆژەی بچوكی لاوان : ئەو پرۆژانە دەگرێتەوە كە سەرمايەكەيان لە (٤٠) چل مليۆن دينـار تێپــەر ناكـات لــە بوارەكانی (خزمەتگوزاری ، پيشەسازی ، كشتوكاڵی ، گەشت و گوزار) .

**ماددەی دووەم :**

سەندووق لەرێگەی ئەنجومەنەکەی هەوڵ دەدات بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجانەی خوارەوە :

١. بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و ئابووری لاوان لە هەرێمدا .

٢. ڕەخساندنی هەلی کار و بەکارخستنی ووزەی لاوان لە ڕێگای پێدانی قەرزی بێ سوود تا بڕی (١٥) پانزە ملیـۆن دینار بەمەبەستی دابین کردنی بودجە بۆ جێبەجێ کردنی پرۆژەکانیان .

٣. هاندانی لاوان بۆ دەست پێشخەری دامەزراندنی پرۆژەی بـچووك بـە تایبـەتی لـە بوارەکـانی خزمـەتگوزاری ، پشەسازی ، کشتوکاڵی ، گەشت و گوزار .

٤. بوژانەوەی ئابووری هەرێم و پشتگیری و زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆ .

## بەشی دووەم

## ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سەندووق

**ماددەی سێیەم :**

١. پێکهێنانی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی سەندووق بە سەرۆکایەتی وەزیـر و نوێنەرایـەتی هەریـەك لـەم وەزارەتانـەی خوارەوە بەمەرجێك پلەیان لە بەڕێوەبەری گشتی کەمتر نەبێت :

أ. وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان .

ب. وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو .

ج. وەزارەتی بازرگانی وپشەسازی .

٢. ئەنجومەن بۆی هەیە ڕاوێژ بکات بە شارەزاو ڕاوێژکاران لە ناو وەزارەت یان لە دەرەوە لە کاتی پێویست .

٣. سەرۆکی ئەنجومەن هەموو ماف و دەسەڵاتێکی پێویستی دەبێت بۆ ڕاییکردنی کارەکانی ئەنجومەنی سـندووق و بەرپرسـە لـە ئاڕاسـتەکردنی کارەکـان و سەرپەرشـتی و چـاودێری چـالاکییەکانی سـندووق و نوێنەرایـەتی ئەنجومەنەکەدەکات .

٤. ماوەی ئەندامیەتی لە ئەنجومەن دووساڵە ، دەکرێت نوێ بکرێتەوە بۆ دووساڵی تر .

٥. ئەنجومەن بەلایەنی کەم مانگانە دوو جار کۆبونەوە ئەنجام دەدات وە سـەرۆکی ئەنجومـەن دەتوانێـت لـە کـاتی پێویست بانگهێشتی ئەندامان بکات بۆ کۆبوونـەوەی نائاسـایی ، وبڕیارەکـانی ئەنجومـەن بەزۆرینـەی دەنـگ دەردەکرێت و لە کاتی یەکسان بوونی دەنگەکاندا ئەو لایەنە دەنگـی پەسـەند دەکرێـت کـە دەنگـی سـەرۆکی ئەنجومەنی لەگەڵدایە .

٦. بارەگای سەرەکی ئەنجومەنی سندووق لە دیوانی وەزارەتی کـار و کاروبـاری کۆمەڵایـەتی دەبێـت ، ودەتوانێـت بەڕێوەبەرایەتی بکاتەوە لە پارێزگاکانی هەرێم و ئیدارەی گەرمیان بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانـەی لـە لایـەن ئەنجومەنەکەوە پێیان دەسپێردرێت ٠

٧- ئەنجومەن لێژنەیەکی پسپۆری هەمیشەیی پێکدەهێنێت لە پسپۆران بۆ هەڵسەنگاندن و دیارکردنی سوودی ئابووری پرۆژە پێشکەشکراوەکان وە ئاڕاستە کردنی راسپاردەکانی بۆ ئەنجومەن , سەرەڕای ئەو ئەرکانەی تر کە لەلایەن ئەنجومەنەکەوە پێیان دەسپێردرێت ٠

## بەشی سێ یەم
## دەسەڵاتەکانی ئە نجومەن

**ماددەی چوارەم :**

ئەنجومەن ئەم دەسەڵاتانەی خوارەوەی هەیە :

١. بڕیاڕدان لەسەر ڕاسپاردەکانی لێژنەی سوودی ئابووری (الجدوى الاقتصاديە ) پرۆژەکان ٠

٢. پەسندکردنی داواکاریەکانی لاوان بۆ قەرزی بچووك پاش بەرجەستە بوونی گشت مەرجەکان بەپێ ی یاسای سەندووق و ئەم پە یڕەوە ٠

٣. ڕاگرتنی پێدانی قەرز و لێسەندنەوەی لە سوودمەندان لە کاتی سەلماندنی بوونی سەرپێچی یاسایی یان نەبوونی مەرجی پێویست بە پەیڕەوکردنی ئیجرائاتی یاسایی ٠

٤. دەرکردنی ڕێوشوێن و بڕیاری پێویست بۆ پێشخستنی کاری سەندووق و فراوانکردنی چالاکیەکانی و ناساندنی بەلاوان ٠

٥. دیار کردنی ئەرکەکانی لێژنەی هەمیشەیی ٠

٦. دیارکردنی کارو ئەرکەکانی بەڕێوەبەرایەتیەکانی ئەنجومەن ٠

٧. دانانی میکانیزمی پێدان و وەرگرتنەوەی قەرزەکان ٠

٨. دانانی بەڕێوەبەرەکان وە ستافی پێویست ٠

٩. گرێبەست کردن لە گەل پسپۆڕان لە دەرەوەی وەزارەت بە پێ ی یاساو ڕێنماییە داراییەکان ٠

١٠. ئامادەکردنی بودجەی ساڵانەی سندوق وە پێشکەشکردنی بۆ لایەنی پەیوەندار ٠

١١. ئامادەکردنی ژمێریاری کۆتایی و ڕاپۆرتی وەرزی و ساڵانەی سەندووق و بەرزکردنەوەی بۆ ئەنجومەنی وەزیران ٠

١٢. سەرپەرشتی کردنی کارەکانی سەندووق و وەگەڕخستنی سەرمایەکی لە پڕۆژەی وە بەرهێنان و کارکردن لە پێناو گەشە کردنی داهاتەکانی ٠

١٣. هەر دەسەڵاتێکی تر پەیوەندیدار بە ئەرك و چالاکییەکانی سندووق ٠

## بەشی چوارەم
## دارایی سەندووق

**ماددەی پێنجەم :**

١. بودجەی ساڵانەی سەندووق لەو داهاتانە پێکدێت کە لەماددەی نۆیەم لەیاسای سەندووق دیارکراوە.

٢. وەرگرتنی بەخشیش و مینحە لـەدەرەوەی هـەرێم بـۆ مەبەسـتەکانی سـندووقەکە دوای وەرگرتنـی رەزامەنـدی ئەنجومەنی وەزیران دەبێت .

٣. دارایی سەندووق بەدارایی گشتی دادەندرێت و لەلایەن دیوانی چاودێری دارایی هەرێمەوە ووردبینی و چـاودێریی دەکرێت و دەبێت ئەنجومەنی سندووق بەشێوەیەکی دەوری ڕاپۆرت پێشکەش بە ئەنجومەنی وەزیران بکات لەسەر چالاکی و خەرجییەکان .

٤. سەندووق حسابێکی بەنکی تایبەتی دەبێت لەیەکێك لەبانکە حکومییەکان بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجەکانی .

٥. سەندووق تۆماری ژمێریای پێویست بۆ داهاتوو خەرجیەکانی دەکاتەوە بەپێ ی یاسا و ڕێنمایەکان .

٦. سەندووق بەشێکی تایبەتی دەبێت بۆ وردبینی دارایی .

## بەشی پێنجەم
## حوکمەکانی کۆتـایی

**ماددەی شەشەم :**

لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی سەندووق موڵك و ماڵی گواستراوە و نەگواستراوەی دەبێتە موڵکی وەزارەت .

**ماددەی حەوتەم :**

ئەم پەیڕەوە لەرۆژی بڵاو کردنەوەی لەڕۆژنامەی رەسمی وەقایعی کوردستان کاری پێ دەکرێت .

**د. بەرهەم احمد صالح**
**سەرۆکی ئە نجومەنی وەزیران**

**وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی**
**ژمـــارە : ٢٢٠٥ لــــــە ٢٠١١/٧/٦**

## رێنمایی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١١ ی سەندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان

بە پشت بەستن بە ئەحکامی ماددەی ١١ لە یاسای سەندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١١ ئەم رێنماییەمان دەرکرد .

**ماددەی یەکەم :** ئەو زاراوانە ئەم مانایانە دەگەیەنن :

١. هــەرێـم : هەرێمی کوردستانی عێراق
٢. وەزارەت : وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم
٣. وەزیـــر : وەزیری کار و کاروباری کۆمەڵایەتی هەرێم
٤. سەندوق : سەندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان لە هەرێم
٥. ئەنجومەن : ئەنجومەنی بەرێوەبردنی سەندوقی پشتیوانی پرۆژە بچووکەکانی لاوان بە پێ ی ئەحکامی ماددەی سێیەم لە یاسای سەندوق پێکهاتووە .
٦. لێژنەی سوودی ئابووری (الجدوى الاقتصادي) : ئەو لێژنەیە کە هەڵدەستێت بە هەڵسەنگاندن وخەملاندنی پرۆژەکان لە رووی ئابووری یەوە.
٧. پرۆژە : ئەو پرۆژانەن کە سەرمایەکانیان لە ٤٠ ملیۆن دینار تێپەڕ نەکات لە بوارەکانی (خزمەتگوزاری ، پیشەسازی ، کشتوکاڵی ، گەشت و گوزار ، .... ) .

**ماددەی دووەم :**

**یەکەم :** سوودمەندانی پرۆژە :-

١. دەرچووانی ناوەندەکانی ڕاهێنان و شیاندنی پیشەیی، ئامادەییە پیشەییەکان، پەیمانگاکانی تەکنیکی و زانکۆکان
٢. خاوەن پێداویستیە تایبەتیەکان, بەمەرجێك بتوانێت پرۆژە ئەنجام بدات .
٣. سوودمەندانی تۆری پاراستنی کۆمەڵایەتی .
٤. ئەو لاوانەی کە بڕوانامەیان نیە و بەڵام توانای بەرێوەبردنی پرۆژەیان هەیە .
٥. ئەوانەی پرۆژەیان هەیە و دەیانەوێت گەشەی پێ بدەن بە مەرجێك هەلی کاری نوێ دابین بکەن .

**دووەم :** مەرجەکان :-

١. هاوولاّتی و نیشتەجێی هەرێم بێت .

٢. تەمەنی لە نێوان ١٦ — ٣٥ ساڵ بێت .

٣. نابێت کارمەند بێت لە دەزگا حکوومیەکان و کەرتی تایبەت .

٤. بیّ کار ، خاوەن توانای دارایی لاواز یان سنووردار بێت .

**سێیەم :** بواری پرۆژەکان :-

١. پرۆژەکانی بواری پیشەسازی، بازرگانی، کشتوکاڵی، خزمەتگوزاری و گەشت و گوزار .

٢. ئەو پرۆژانەی کەوا دەبنە مایەی گەشەی ئابووری هەرێم و کەم کردنەوەی بێکاریی .

**ماددەی سێیەم:** چۆنیەتی قەرزدان وبڕی قەرزەکە :-

١. بەرزترین ئاستی قەرز (١٥,٠٠٠,٠٠٠) پانزە ملیۆن دینارە .

٢. خەملاّندنی بڕی پارەی پێویست بۆ پڕۆژەکە لە لایەن لێژنەی سوودی ئابووری (جدوى اقتصادي) دەبێت .

٣. دانی قەرز بە دوو قۆناغ دەبێت :

**أ.** قۆناغی یەکەم : بەرێژەی (٥٠٪) ی قەرزەکە دەدرێت لەدوای گرێبەستەکە و دەبێت لە ماوەی ٩٠ ڕۆژ دەست بەکار بێت، بە پێچەوانەوە قەرزەکەی لیّ وەردەگیرێتەوە بە بیّ هۆشداری.

**ب.** قۆناغی دووەم : ڕێژەی (٥٠٪) ی قەرزەکەی پیّ ی دەدرێت لە دوای جێبەجیّ کردنی قۆناغی یەکەم .

**ماددەی چوارەم :** میکانیزمی وەرگرتنی قەرز:-

**یەکەم :** داواکاری :

١. پرکردنەوە وەرگرتنی فۆرمی ژمارە (١) بۆ داواکردنی قەرز .

٢. پێشکەشکردنی بەڵگەنامە فەرمییەکان لە لایەن قەرز وەرگر و کەفیلەکەی بە پیّ ی ئەوەی لە فۆرمەکەدا هاتووە

**دووەم :** هەبوونی دەستەبەرێك لە لایەن ئەو کەسەی کە قەرزەکە وەردەگرێت بە یەکێك لەمانە :

١. ڕەهن کردنی زەوی نیشتەجیّ یان خانووبەرە یان هەر موڵکێك کە سەنەدی هەبێت بە مەرجێك بەهای ڕەهن کراو لە قەرزەکە زیاتر بێت .

٢. فەرمانبەرێکی میری یان زیاتر بە مەرجێك مووچەکەیان بەهای قستەکان دابین بکات .

**سێیەم :** پاش هەڵسەنگاندنی پرۆژەكە و خەملاندنی لە لایەن لیژنەی سوودی ئابووری و پەسند كردنی لە لایەن سەرۆكی ئەنجومەن گرێ بەست لەگەڵ قەرز وەرگر واژۆ دەكرێت .

**چوارەم :** پێدانی ٥٠٪ گوژمەی قەرز ی خەملێندراو بە قەرزوەرگر بۆ دەستپێكردن بە پرۆژەكە و دوای ئەنجامدانی ٥٠٪ رێژەی كارەكەی كە لە ماوەی (٩٠) رۆژ تێپەر نەكات ، ئەوا قۆناغی دووەمی قەرزی پێ دەدرێت .

**ماددەی پێنجەم :** چۆنیەتی گەڕانەوەی قەرز (الجبايە):-

**یەكەم :** ماوەی گەڕانەوەی قەرزەكە چوار ساڵە :

١. قستەكان شەش مانگ جارێك وەردەگیرێتەوە بە یەكسانی، جگە لە قستی یەكەم دوای تەواو بوونی ساڵێك لە وەرگرتنی قۆناغی یەكەم .

٢. سەپاندنی پێبژاردنی دواكەوتن (الغرامة التأخيرية) بۆ هەر رۆژێك (٥٠٠٠) پێنج هەزار دینار لەبەرواری نەدانەوەی قستەكە، ئەگەر پابەند نەبوو تا (٣٠) رۆژ بە بێ هۆشداریی دان پێ ی قەرز وەرگر دەبێت هەموو قەرزەكان بە یەكجاری بگەرێنێتەوە .

**دووەم :** لەكاتی مردنی ئەو كەسەی قەرزەكەی وەرگرتووە ئەگەر هاتوو میراتگرە یاساییەكانی توانیان پرۆژەكە بەرێوە ببەن ئەوا یەكێكیان دێتە شوێنی سوودمەندەكە .

**ماددەی شەشەم :**

پشت بەستن بە پەیڕەوی ناوەخۆی ئەنجومەنی سەندوقی پیشتیوانی پرۆژە بچووكەكانی لاوان ژمارە (٢) بەرێوەبەرایەتی سەندوق لە وەزارەت و نووسینگەكانی لە پارێزگاكان هەڵدەستن بەجێ بەجێ كردنی ئەم رێنماییە .

**ماددەی حەوتەم :**

پرۆژەكان پەسند دەكرێت لە لایەن سەرۆكی ئەنجومەنی سەندوق .

**ماددەی هەشتەم :**

ئەم رێنماییە جێ بەجێ دەكرێت لە رێكەوتی بلاّوكردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی كوردستان) .

**ئاسۆس نجيب عبدالله**
**وەزیری كار و كاروباری كۆمەڵایەتی**

**ئـە نجــومــەنــی دادوەری**
**ژمارە : ١٤٤٦ لە ٢٠١١/٧/٤**

## بــەيــان

پشت بەستن بەحوكمی مادده /٨ لە یاسای دەسەلاتی دادەوەری ژمارە٢٣/ ساڵی٢٠٠٧ بریارماندا بە :-

**یەکەم :**

دەست پێ کردنی پشووی دادگاکانی هەرێمی کوردستانی عێراق بۆ ماوەی (٣٠) رۆژ لە بەرواری ٢٠١١/٧/١٥ .

**دووەم :**

ئەو کێشانەی پەیوەندی بە کاروباری شارستانی و بازرگانی و باری کەسینەوە هەیە کە لە خوارەوە هاتووە بە کێشە و داوای بە پەلە دادەنرێ .

١. وەرگرتنی داوانامە (عريضة الدعوى) و گلدانەوەی سەرەتایی (الحجز الاحتياطي) و پێڕاگەیاندنی سەرتایی .
٢. ئەو کێشە و پرسە بەپەلانەی دەروازەی دەیەم لەکتێبی یەکەمی یاسای دادبینی شارستانی و ژمارە ٨٣/ی ساڵی ١٩٦٩ دیاری کراون .
٣. ئەو داوایانەی گڵدانەوەی سەرەتایی تێدایە یا داوای دواخستنی جێبەجێکردنی بریارێك یـا مامەلەیـەکی تێـدا دەکات .
٤. داوای میری بۆ مولك سەندنەوە (استملاك) .
٥. ئەو داوایانەی داوالێکرا و قەدەغە دەکرێت لە چوونە دەرەوەی هەرێم .
٦. داوای مایە پوچ بوون (افلاس) و هەر داوایەکی تر لێ ی بکەوێتەوە .
٧. داوای هەڵگرتنەوەی و لێك کرینەوەی (شفعة) و پاکتاوکردنی وەقف و چۆل کردنی بەکرێ دراو .
٨. داواکانی تایبەت بە مافەکانی ئاودان و رێگەی جۆگەلە و سوولاوکە و هاتووچون (حقوق السقی و الجری و المسيل و المرور) مافەکانی ارتفاق .
٩. داوای پاکتاو کردنی کۆمپانیاو ئەو داوایانەی لێی دەبنەوە .
١٠. داوای راست کردنەوەی تەمەن ناو نازناو .
١١. ئەو داوایانەی فەرمانگەی رسمی یان نیمچە رسمی دەزگا گشتیەکان تیادا لایەنە .
١٢. داواکردنی خەرجی بژێوی (نفقة) و دایەنی (حضانة) و دیتنی مندال و رەچەلەك (نسب) .
١٣. داواکانی سەلماندنی پێگەیشتووی لێهاتووی (اثبات الرشد) .
١٤. داواکانی لادانی سەرکار (قيم) و پی ٚسپێردراوی (وصی).
١٥. داواکانی دابەشکردنی میرات و ئەو مامەلانەی لێیان دەکەونەوە .
١٦. ئەو داوایانەی یاسایەك بە پەلەی دانابێت .

**سێیەم :**

جگە لەو داواو کێشانەی لەبرگەی دووەمی ئەو بەیانەی هاتوون ، دادگا بۆی هەیە داوا لە ماوەی پشووی دادگاکان ببینێت ئەگەر :

أ. بۆ دادگا دەرکەوت لەدواخستنی داواکە زیان دەکەوێتەوە .

ب. هەردوو لایەنی داواکە داوای دادبینی لە کاتی پشووی دادگاکان بکەن .

ت. داواکە گەیشتبووە قۆناغی کۆتایی .

**چوارەم :**

گشت مامەلەکانی دادگا لە کاروباری ئاسایش خۆیان لە کاتی پشوودا .

**دادوەر / صباح عمر علی**
**سەرۆکی ئە نجومەنی دادوەری بەوەکالەت**

---

**وەزارەتـــی تـــەنـــدروســـتی**

**ژمارە : ٥٢ لە ٢٠١١/٦/٢٧**

## بـــەیـــان

بـەپێی ئـەو دەسـەلاتەی پێمـان دراوە لـە (مـاددەی شەشـەم/برگـەی دووەم) لەیاسـای وەزارەتـی تەندروسـتی ژمـارە (١٥)ی سـالّـی ٢٠٠٧ بـڕیـارمـانـدا بـە :

❖ کردنەوەی (نەخۆشخانەی شەهید رووف بەگ) لەقـەزای شـارەزوور سـەربە بەڕێوەبەرایـەتی گـشتی تەندروسـتی شارەزوور ، لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە .

**د. طاهر عبدالله هەورامی**
**وەزیـــری تـــەنـــدروســـتی**

**وەزارەتـــی تـــەنـــدروســتی**

**ژمارە : ٥٣ لە ٢٠١١/٦/٢٨**

## بـــەيـــان

بـــەپێی ئـــەو دەســـەڵاتەی پێمـــان دراوە لـــە (مـــاددەی شەشـــەم/برگـــەی دووەم) لەياســـای وەزارەتـــی تەندروســـتی ژمـــارە (١٥)ی ســاڵـی ٢٠٠٧ بـڕيـارمـانـدا بـە :

١. جياكردنەوەی بەشی (گرێبەست و كەمگرييەكان) لەبەڕێوەبەرايەتی كاروباری ياسايی وەبەستنەوەی بەوەزير .

٢. گۆرينی بۆ (بەرێوەبەرايەتی گرێبەستە گشتيەكان) لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەيانە .

**د. طاهر عبدالله هەورامی**

**وەزيـــری تـــەنـــدروســتی**

---

**وەزارەتـــی تـــەنـــدروســتی**

**ژمارە : ٥٤ لە ٢٠١١/٦/٢٨**

## بـــەيـــان

بـــەپێی ئـــەو دەســـەڵاتەی پێمـــان دراوە لـــە (مـــاددەی شەشـــەم/برگـــەی دووەم) لەياســـای وەزارەتـــی تەندروســـتی ژمـــارە (١٥)ی ســاڵـی ٢٠٠٧ بـڕيـارمـانـدا بـە :

كردنەوەی ئەم بەشانەی لەخوارەوە هاتووە لەناو نەخۆشخانەی هەلەبجەی شەهيد سەربە بەرێوەبەرايەتی گشتی تەندروستی شارەزوور لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەيانە .

* بەشی (گورچيلەو ميزو ميزەرۆ) و (نەخـۆشيە دەرونيەكان ) و (نەخـۆشيەكانی سينگ) .

**د. طاهر عبدالله هەورامی**

**وەزيـــری تـــەنـــدروســتی**

---

**وەزارەتـــی تـــەنـــدروســتی**

**ژمارە : ٥٦ لە ٢٠١١/٦/٣٠**

## بـــەيـــان

بـــەپێی ئـــەو دەســـەڵاتەی پێمـــان دراوە لـــە (مـــاددەی شەشـــەم/برگـــەی دووەم) لەياســـای وەزارەتـــی تەندروســـتی ژمـــارە (١٥)ی ســاڵـی ٢٠٠٧ بـڕيـارمـانـدا بـە :

❖ كردنەوەی (بنكەی تەندروستی گوندی سەردار ئاوا) سەربە فەرمانگەی تەندروستی سلێمانی ، لـەرۆژی دەرچـوونـی ئـەم بـەيـانـە

**د. طاهر عبدالله هەورامی**

**وەزيـــری تـــەنـــدروســتی**

**وەزارەتـــی تـــەنـــدروســـتی**

**ژمارە : ٥٧ لە ٢٠١١/٦/٣٠**

## بـــەیـــان

بـــەپێی ئـــەو دەســـەڵاتەی پێمـــان دراوە لـــە (مـــاددەی شەشـــەم/برگـــەی دووەم) لەیاســـای وەزارەتـــی تەندروســـتی ژمـــارە (١٥)ی ســـاڵـــی ٢٠٠٧ بـــڕیـــارمـــانـــدا بـــە :

❖ گۆرینی (مەلبەندی تەندروستی بەمۆ) بۆ (بنکەی تەندروستی بەمۆ) سەربە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی شارەزوور ، لەرۆژی دەرچوونـی ئەم بەیانە .

**د. طاهر عبدالله هەورامی**

**وەزیـــری تـــەنـــدروســـتی**

---

**وەزارەتـــی تـــەنـــدروســـتی**

**ژمارە : ٥٨ لە ٢٠١١/٦/٣٠**

## بـــەیـــان

بـــەپێی ئـــەو دەســـەڵاتەی پێمـــان دراوە لـــە (مـــاددەی شەشـــەم/برگـــەی دووەم) لەیاســـای وەزارەتـــی تەندروســـتی ژمـــارە (١٥)ی ســـاڵـــی ٢٠٠٧ بـــڕیـــارمـــانـــدا بـــە :

❖ کردنەوەی (یەکەی تەندروستی) لەناو بینای بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانی ، لەرۆژی دەرچوونی ئەم بەیانە .

**د. طاهر عبدالله هەورامی**

**وەزیـــری تـــەنـــدروســـتی**

---

**وەزارەتـــی تـــەنـــدروســـتی**

**ژمارە : ٥٩ لە ٢٠١١/٦/٣٠**

## بـــەیـــان

بـــەپێی ئـــەو دەســـەڵاتەی پێمـــان دراوە لـــە (مـــاددەی شەشـــەم/برگـــەی دووەم) لەیاســـای وەزارەتـــی تەندروســـتی ژمـــارە (١٥)ی ســـاڵـــی ٢٠٠٧ بـــڕیـــارمـــانـــدا بـــە :

❖ گۆرینی ناوی (مەڵبەندی تەندروستی شەهید حەمەسعید سێتەلانی) بۆ (مەڵبەندی تەندروســتی ســەرەکی شــەهید حەمەسعید سێتەلانی) لەگەرەکی هەواری شاری ناو شاری سلێمانی .

**د. طاهر عبدالله هەورامی**

**وەزیـــری تـــەنـــدروســـتی**